**بەناوى خواى بەخشندە و ميهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ١٨ ) ساڵی ٢٠٠٨**

**یاسای درێژەدان بە کارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر**
**ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠٠٦ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**بە پێی برگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٣٢) لە ٢٩ /٢٠٠٨/٦ بریارماندا بە دەرکردنی:**

## یـــاســـــای ژمـــــارە(١١)ی ســـــاڵی ٢٠٠٨
## یاسای درێـــژەدان بە کـــارپێـــکـــردنی یـــاســـای بەرەنـــگـــاربوونەوەی تـــیـــرۆر
## ژمـــارە (٣)ی ســـاڵـــی ٢٠٠٦ لـــە هەرێمی کوردســـــتان ـ عـــێراق

**مادەی یەکەم:**

**کارکردن بە حوکمەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ تا، ٢٠١٠/٧/١٦ درێژدەکرێتەوە.**

**ماددەی دووەم:**

**پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان، حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.**

**ماددەی سێیەم:**

**ئەم یاسایە لە ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/١٧ وە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بلاّودەکرێتەوە.**

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

**ئەم یاسایە لە ٢٤ی پوشپەڕ ٢٧٠٨ی کوردی بەرامبەر ١٢ی رەجەب ١٤٢٩ی کۆچی و بەرامبەر ١٥ی تەممووز٢٠٠٨ی زاینی لە هەولێر دەرچووە .**

## ـ هۆیەکانی دانانی ئەم یاسایە ـ

لەبەر چەند هۆکارێك کە بەردەوامبوونی سەپاندنی حوکمەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بە پێویست ڕادەگرێت، هەروەهاش بۆ پاراستنی سەروماڵو موڵكو ئاسودەیی و سەقامگیرییان، ئەم یاسایە تەشریع کرا.